پ[1]/ ئایا زمان وەک دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی ئاستی هەیە؟ زمان بۆچی دابەش کراوەتە سەر چەند ئاستێک؟

پ[2]/ ئاستە سەرەکی و لاوەکییەکانی زمان چیین؟ مەبەست چییە لە ئاستی سەرەکی و لاوەکی

پ[3]/ سینتاکس چییە؟

پ[4]/ چەند جۆر شیکردنەوە هەیە باسی بکە.

پ[5]/ بە باوەڕی چۆمسکی دوو جۆر توانست لە زماندا هەیە، بە نموونەوە باسیان بکە.

پ[6]/ کاتێک لە قسەکردندا هەڵە دەکەین ئەمە بەر کام جۆری توانست دەکەوێت؟ باسی بکە.

پ[7]/ بە وردی و بە نموونەوە ڕستەی پەسەند و ناپەسەند لە یەکتر جیا بکەوە.

پ[8]/ دوو پەیوەندی جیاواز لە نێوان کەرتەکانی ڕستەدا چۆن دەبێتە هۆی دروستبوونی تەمومژی.

پ[9]/ هەندێ جار لە ئەنجامی جێبەجێکردنی هەندێ یاسای گوێزانەوە ڕستەی لێڵ دروست دەبێت ئەمە بە نموونەوە ڕوون بکەوە.

پ[10]/ چۆن کەرستەیەک دەبێتە (بکەری ڕێزمانی) و (بەرکاری واتایی، لۆجیکی) بەنموونەوە ڕوونی بکەوە.

پ[11]/ ئایا بە تەنیا زیندوویی و توانای ئەنجامدانی کار بەسە بۆ ئەوەی کەرستەیەک ببێت بە کارا چۆن؟ نموونە بۆ وەڵامەکەت بهێنەوە.

پ[12]/ سینتاکس و مۆرفۆلۆجی لە یاسای گۆڕینی شوێنی کەرەستەکاندا جیاوازن بە نموونە ئەمە ڕوون بکەوە.

پ[13]/ سینتاکس و مۆرفۆلۆجی لە یاسای لادانی کەرەستەدا جیاوازن ئەمە بە نموونەوە ڕوون بکەوە.

پ[14]/ کرداری ( بەلوتکەکردن) چییە و بۆچی ئەنجامدەدرێت؟ بەنموونەوە ڕوونی بکەوە.

پ[15]/ ڕستەی زمانی کوردی وەکو ژمارەیەک شوێن یان چاڵ یان کەرستە شیدەکرێتەوە، ئەم (شوێن، چاڵ، کەرستانە) چین بەکورتی باسیان بکە.

پ[16]/ ئەمەی خوارەوە بە نموونەوە ڕوون بکەوە ڕستەسازی باس لە پەیوەندی دەرەکی وشە دەکات و وشەسازیش باس لە پەیوەندی ناوەوەی وشە دەکات.

پ[17]/ ئەم دەربڕینەی خوارەوە بەپێی کام پێناسە دەبێت بە ڕستە و بەپێی کام پێناسە نابێت بە ڕستە؟ بۆچی، ڕوونی بکەوە.